**دەردی دڵ** **ئەحمەد دەشتی**

**مام هۆمەر: مام پاپیر ڕۆژ باش چۆنی چۆن ؟ زانیم کە سەفەرت کردوە چووبووی بۆ لای خزمان ،خۆزگەم بە خۆت کات ئەمجارەش بە کوردستان شاد بویەوە ، من گوتم لەوانەیە کە ئەمجارە جەنابت زۆر بمێنیتەوە و هەندێ جاران دەمگوت نەخێر مام باپیر تازە هەرناگەڕێتەوە ژیانی غەریبی کوردستانی لێ خۆش هاتووە ، چونکە لە مێژبو لێرە واتە لە دووری خزمان دا بێزابوو بووی،خۆ هەقیشتە بەڕاستی ژیانی دوورە وەڵات و خز مان سەخت و ناخۆشە ،بەخوا مردن لە سەر خاکی خۆت گەلێ جێترە لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری،بەڕاستی منیش گەلێک نا ئارامم لەم دوور کوردستانەم ،ئەگەر بۆم بلوێ و منداڵەکانم بێنەوە بەخوا هەزار نەفرین لەم نامۆییەم دەکەم .**

**مام باپیر:ئەی سەر چاوان هۆمەر گیان تۆ چۆنی؟ چاوەڕوانی ئەوەبووم کە جەنابت لە کوردستان ببینم ئەی بڕیارت نەدابوو کە بگەڕێیتەوە کوردستان ، هەموو دۆست و هەڤاڵان زۆریان لێ دەپرسی دیارە لە گەڕانەوەت بۆ کوردستان پەشیمان بویتەوە ؟**

**مام هۆمەر:وابوو مام باپیر خۆت گرفتم زۆرە ئەو بڕیارەی کە بە جەنابتم گۆت بۆ گەرانەوەم جارێ وازم لێ هێناوە تا ماوەیەکی تر.**

**ماباپیر: هۆمەر گیان من سەفەری هەولێرم کرد و دڵم بە دیداری خزمان گەلێک شاد بۆوە،بەلام زۆر نەمامەوە،دوایی بە تەواوی بۆت باس دەکەم ، هەرچەند تەمای زێتر مانەوەشم هەبوو بەڵام زوتر گەرامەوە،خۆ نیشتمانی مرۆ بۆ هەموو کەسێک لە هەموو شوێنێک خۆشترە ، ئەگەر مرۆ ژیانی بگوزەرێ و بە تایبەتی ئێمەی کە سالها خەباتمان بۆ ڕزگاری لە چنگ دوژمنان دا کردووە و ئێستاش گەلێک ئاواتمان وەدی هاتووە و جگە لە ناوچەکانی تەعریب کراو خۆمان هەمەکارەین،خۆشت دەزانی کە**

کوردستان بۆ ئێمە لە هەموو شوێنێک خۆشترو باشترە ،خۆت دەزانی من و تۆ لەوەتی هەستمان بە ژیان کردووە هەر پێشمەرگە بوینەو بە ناشکوریش نەبێت هیچمان لەبەرو بوومی ماندو بوونی خۆشمان لەئەمڕۆی کوردستان نەخواردووە، هەڤال مامەندم بینی زۆری سڵاو هەبوو دەیگوت:مام باپیر بۆ ناگەرێنەوە کوردسان چی دەکەن لە نامۆیی ژیان ؟ دەیگوت: کێ کردی و کێ دەیخوات ، خۆشت دەزانی هەر لەو ڕۆژگارانەرا کە دوژمنانی کورد لە پشتەوە ڕا خەنجەرێکی ژەهراویان لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن دا واتە لە سالی 1975 دا کە ئاوارە بووین ، من و تۆ هەتا ئەمڕۆش هەروا ئاوارەماوین و لە ژیانی غەریبیشمان دا هەرگیز ئارام نەبووین و هەروا بە خەم و ئازارەوە ماوین ، دەزانی کە ژیانی نامۆیی چەندە سەختە ؟ هەرچەند کە ئێمە ئاوارە بوونیشمان لە خۆشی و بە دەست خۆمانەوە نەبوو،تەنیا لە جیاتی سەر شۆڕکردن بۆ ڕژێمە فاشستە گۆڕ بە گۆڕەکەی بەغدا ژیانی غوربەتمان لە گەڵ سەدان هەزار پێشمەرگەو دڵسۆزانی تری کورد پێ باشتر بوو لەوەی تەسلیم بە دڕندەکانی بەعس بینەوە و ئاوا کەوتینە ئاوارەیی و ژیانی غوربەتمان لە گەڵ هەڤالانی دێرینەی خۆمان هەلبژارد و هەتا ئەمڕۆش وا لە هەندەران ماوینەتەوە ، خۆ من ژیانی غوربەت و دەربەدەری خۆم بە مردن دادەنێم ، چونکە ئاوارەبوون ژیان نیەو تا بڵێی سەختە، وەک کورد گوتەنی بەرد لە جێی خۆی سەنگی هەیە،بەڵام چی بکەین ڕۆژگار وای هێناو هی وەکی ئێمە لە هەرێش بووینە و لە مەرێش بووین ، زۆر جار دەڵێم ئەترسم بگەڕێمەوە چیم بۆ نەکەن و شەرمەزاری مندالانی خۆشم بم.

مام هۆمەر:باپیر گیان دەوەرە با کەمێ دەردی دڵی خۆمان بکەین و ئەوەی لە بن بەرێیە با دەری بخەین و خۆ زگمان عەمباری کەس نیە ، ئەو ڕۆژە برادەرێک لە کوردستان گەرا بۆوە گەلێ قسەی حەللەق مەللەقی دەکردن لەو سمینارەی کە بۆیان

گێڕای بریا قەت گوێم لەو جۆرە قسانە نەدەگرت دڵم زۆر توند بوو بوو،من بەرپێچی ئەو کابرایەشم داوە کە هەندێ شتی بەلای منەوە ناڕەوا بوو کە باسی دەکردن! زۆر شتی سەیری دەگێڕاوە،من باوەڕی زۆرم بەو جۆرە کەسانە نیە کە بەو شێوەیە باسی خۆیی دەکەن و پەلاران داوێن،بە تایبەتی کەسانی وەک ئەو بایزە کە تا دوێنی خۆت دەزانی موستەشاری بەعس بوو و دیارە کە چی کردووە ، ئەمڕۆش زمانی سێ بست درێژە ، خۆ منیش دەزانم کەم و کوڕی زۆرە کە دەبێ چارە سەری بکرێ ، بەڵام زۆر شتێپێویستە کە لە جێگەی خۆی باس بکرێت و باس کردنیشی دڵسۆزانە بێت و مەبەست چارەسەری کردنی بێت نەک بۆ سوک کردن و تێک دەرانە بێت،خۆت دەزانی کە دوژمنانی کورد لەوەتی هەن چەند کاریگەریەتیان لە سەر کورد هەیە بۆ تێک دان،وەک مام هەژاری نەمر دەڵێ دوژمنانی کورد فێریان کردووین چی خراپە بۆ خۆمان وابین و چی باشیشە بۆ دوژمنان ئاوابکەین.بەخوا هەژاری نەمر ڕاستی گوتووە دەق و دەق وایە.

مام باپیر:هۆمەر گیان ئەوانەی کە هەندێ شت دەدرکێنن و باسی دەکەن هەقی خۆیانە بەڵام وەک تۆ گوتەنی نە کۆنە بەعسی ێ سیخورێک بۆ خەراپەو تەوهین باسی بکە، دەبێ بۆ چارەسەری کردن باسی کەم و کوڕیەکان بکرێت نەک بۆ تێک دان و فێتەی حەرام زادەیی ، منیش کە چومەوە کوردستان گەلێک شتم لە دڵ دابوو کە ئەنجامی بدەم ، بەڵام هیچم بۆ نەکراو کە دەمڕوانیە کارو کردەوەی گەلێ لە بەر پرسیاران کە نازانم چۆن ئەوانە لەو شوێنانە دان دراون،گەلێک دڵم پێ توند دەبوو،چونکە تۆسقاڵێک دڵسۆزیم لە هاکارو ڕامان و ڕەفتاری گەلێ لەو خەلکانە نابینی و زۆرم بینین کە هیچ دڵسۆزیەکیان بۆ نیشتمان نیە و کاریشیان داوەتێ و دەستیشیان درێژە ،زۆر هەن هەر وا دەزانن کە هەرگیز کورد ماندوو نەبووە و وا دەزانن کە

کەس چی نەکردووە و تەنیا خەریکی خودی خۆیانن بە تایبەتی ئەوانەی کە ڕۆژێکیش خەباتیان نەکردووەو بگرە لە ڕۆژگارانێ دژ بە خۆیش بووینە و ئەمڕۆش هەمە کارەن و هەتا بۆشیان بلۆێت ئەوا دڵی خەلک دەشکێنن و خەلک نا ئارام دەکەن، زۆر جاران کە کارێکم دەبوو دەچومەوە دائیرەیەکەوە بێزم لە خۆشم دەبۆوە ، کورە خەلکی وایان داناوە هەر وەک زەمانی بەعسیەکان لێ دەخوڕێت و چونکە لە گەل ئەوان کاری کردووە و بیرو بۆچون و ڕەفتارەکانیشیان هەروەک ئەوان وایە و دەڵێی بە ئەنقەست خەلک تووڕە دەکەن کە لەو وەزعە بێزاربێ ، خۆ لێ پرسینەوەش زۆر کەمە،قادری برام دەیگوت:باپیر کەس بەکەس نیە خەلک خەریکی گیرفان پڕ کردنن و هی وا هەیە ئەوەندە هەنگڕاوە و پارەیەکی زۆریشی بۆ خۆ کۆ کردۆتەوە ، هەتا دوێنی هیچی نەبوو ئێستاش وا خاوەن پارەو پولێکی زۆرەوگیرفانیشی بنی لەبەحرێ دایە و هەرچەندی تێ بکات قەت بۆی پڕ نابێت و هەر دەشی ئاخنێت،پێشمەرگەی دێرینی واش هەنەکە هەڤالی من و تۆبوون نامەوێ کە ناویان بەرم بە هەزار ناری عەڵی دەژین و هیچیان نیە ، کاک مەجیدی هەڤال و پێشمەرگەی دێرینیشم بینی هاتە لام و زۆری گلەیی دەکردن .

مام هۆمەر:باپیر گیان ڕاست ئێژی پار سال کە منیش چومەوە کاک مەجید هاتە لای من ، دیار بوو کەلە وەزعی گوزەرانی خۆی زۆر ناڕازی بوو دەیگوت: کەس ئاوڕێکم لێ ناداتەوە خۆ لە یادیشت ماوە کە پێشمەرگەیەکی چەند قارەمان بوو.

مام باپیر: لەو باسانە گەرێ من لە زۆر شتی تری کۆمەڵایەتی و هات و چۆ و شێوەی گوزەرانی ناو شار زۆر قەلسم و زۆر بێزارم و هەر دڵم پێ توند دەبوو کەس گوێ بە کەس نادات ، لە زۆر شوێنان دەبینی کە کۆلانێک بە تەوای گیراوە،ئەوە چیە مالە مەسئولێکی لێیە ،یان دەبینی کە سەرتا سەری پیادەڕۆیان گرتووە خەلک ناچارە بەسەر جادەکە هات و چۆ بکات ئەمەش

دیاردەیەکی زۆر دزێوو ناشرینە لە ڕۆژگارانی زووش من لەوە زۆر توڕە دەبووم کە دوکاندارەکان هەموو کەل و پەلی ناو دوکانیان دەهێنا دەرێ و لەسەر پیادەڕۆکانیان دادنا کە ئێستاش هەر وایە و ڕێگەیان لە خەلک گرتوە و دەیان گوت:بەردوکانی خۆمانە و کەس مافی بەسەرەوە دانیە و هەتا ئەمڕۆش بۆیان چووەتە سەرو ، زۆر بە ئاشکرا مافی گشتی بۆ تایبەتی خوراوە لەو بارەوە و چارە سەریشی ناکەن،هۆمەر گیان شتێکی ترم زۆر بەلاوە سەیر بوو چوبوینە سەیران سەیری ئەو دیمەنە جوانانەی کوردستانم دەکر دڵم پێ دەگەشاوە،بەڵام کە سەیری پیس و پلتۆخی ئەو خەلکەم دەکرد دڵم دێشا،دەمبینی هەر کەسە هەموو پاشماوی خواردن و خواردنەوەیان بە بێ ئەوەی کە کۆی بکەنەوە بەو ناوەیان وەر دەکرد و دەبینی بە کزە بایەکیش هەموو تۆربای ڕەش وپیس بەو ناوە لە پنچکان دەئاڵێ و ئەو دیمەنە جوانەی سەیرانگاکانیانی کوردستانیان هەمووی پڕ لە پیسی کردووەو کەس گوێ ناداتێ و ئەم حەمکە خەلکەش لەو ناوە بڵاو بووەتە هیچیان چاوێکیان لە پاک و خاوێنی ڕاگرتن نیەو دەزگا ئامۆژگاریەکانی تەندروستیش هەر ونن و کەس نایان بینی.

مام هۆمەر:بەخوا ڕاست ئێژی ،ئەم خەلکەش ئاوا قەت فێر نابن دەبێ فێر بکرێن و ئەوانەی بە پێچەوانە کار دەکەن سزایان بۆ دابندرێت تا فێری خۆ ڕێکخستن بن،من کەدەڵێم کەم و کوڕی هەیە خۆ هەمووی هی بەرپرسیاران نیە زۆریشی دەگەرێتەوە سەر خودی خەلکەوە،ئەگەر هەموو لە هەموو هاوکار یەکتر نەبن بۆ پێشکەوتن هەر ئاوا دەمینێینەوە.

مام باپیر : بە هەر حال هۆمەر گیان دەردی دڵ زۆرە تا جارێکی تر بەخوات دەسپێرم و هەر شاد بن و لەمەو دوا وەرە بۆخۆمان لێرە دەردی دڵی خۆمان بکەین .

مام هۆمەر زۆر باشە خوات لە گەڵ بێت تا دیدارێکی تر باپیر گیان . 15.12.2004